

# هەشت پەڕەسێلکەی خوساو

زانا سامان



### نمایشی باڵندەکان

شوێن..
دیوی پشتەوەی ژیان
درەختەکانیش بەئاسمانەوە
لەقلەقەکان وادەردەکەون تۆرابن
کات..
دەمەو ئێوارەی تەمەنی فڕینە
حەقیقەت پڕبووە لە بەرد
باڵندەیەک جریوەیەک فڕێ ئەداو ئەڕوا
پەپولەیەکی عاشق
سەمایەک بەلێواری تەنیاییەوە جێدێڵێ
هەموو دنیا بێدەنگە
تارماییەک بەپرتاو خۆی دەکات بە ژیاندا
هاڕەی شکانی شاعیرێک
نمایشەکە ڕادەگرێ.

### پاشماوەی سەر شەقامەکان

بەرواری..
زرمەو هوڕی هەورە بروسکەیە
دێراوێک لە داخا مەنگبووە
چۆڕاوی باران
بەشەکەتی شۆڕدەبێتەوە
دەنگی بەجێماوی جێ پێیەکان
بەرەو تەنیایی هەڵدەکشێن
هەریەکەو حیکایەتێکی بریندارو

گلەییەکی نامۆیان پێیە
هەڵدەکشێن بەرەو بەرزایی
لەپڕ نوزە نوزی شیعرێک
شەقامەکان دەخرۆشێنێ‌و
منالێک بەڕاکردن
تەواوی شەقامەکان تەیدەکان
بۆ گەیشتن بەخودا.

## سەفەری باخەکان

لە دەمەو (بەیانی)دا
مشتێ ئاو ئەپەرژێن بەخۆیانداو
گەڵاکانیان دەپێچنەوە،
ڕێگایەک لە وەریندا ئەدۆزنەوە
پشت دەکەنە خۆر
دەستی یەکتر دەگرن و دەڕۆن،
پڕ چیمەنێک بێزارییان کۆکردۆتەوە
لەگەڵ شەتڵێک تۆراندا،
یەکی کۆڵێک گریانیان پێیە
بەقەد هەموو دنیا ئازار
یەکی کۆشێک نیگەرانی‌و
بەقەد گەردوونیش تورەبوون،
باخەکان سەفەر دەکەن
لەبەرئەوەی هەتا ئێستا
پێکەنینیان لە خۆیاندا
نەبینیوە..!!

## ونبوونی دیزەو گۆزەکان

کەس هەستی پێیان نەکرد
تەنانەت بەبیریشیاندا نەهاتەوە
سەردەمانێک
شاعیرێک باسی دەکردن،
ئەوان وردەوردە ونبوون
هەرجارەو یەکێکیان
دڵی شکا
هەرجارەو نەوەیەکیان
کۆکردەوە لە خۆیاندا



ڕێی گۆڕستانیان نزیک خستەوە بۆمان
دۆلکەیەک ئاومان ئەدان و
کامەران دەبووین
قومان بە دووریانەوە ئەناو
مەست دەبووین
ئێمە شەراب مەستی نەکردین
ئەوە گۆزەکان بوون
ئێمەیان بێهۆش دەکرد
هەزاران درود بۆ خەیام،

## تێکەڵبوونی ژمارەکان

هێندە تێکەڵن ناژمێرێن
ئەوەندە چوونەتە ناویەکەوە جیاناکرێتەوە،
ژمارەکان بۆ وایانلێهات
ئەوە قسەی کاتنووسێک بوو
بۆ ژمارەکان تێکەڵبوون
ئەوە پرسیاری بێدارێک بوو
کاتژمێرەکە تووڕەبوو
خۆیکرد بە هەزار پارچەوە،
دەستێک ئەو کارەی کردووە؟!
دەنگی گریانێک دەبیستم
پێدەچێ ژمارەکان بن،
ناڵەیەک لە دوورەوە دێ
ڕەنگە ژمارەی گۆڕەکانیش شێوابن،
ژیان دەڵێ!
ئەوەی ئەو کارەی کردووە
ئەو پێنووسەیە
کە کاتی نییە
بەدیار زەمەنەوە بووەستێ.

## هاتوهەرای کتێبەکان

دەنگێکی زۆر ئاڵۆز
لە کتێبخانەکەوە دەرئەچێ
لێیان تێناگەم،

کتێبەکان هەموویان پێکەوە
هاوار دەکەن
ناتوانم بێدەنگیان بکەم،
دەنگی ڕیتمێکی شیعری دێت
حیکایەتێک تێکەڵی دەبێ
دەنگی گێڕانەوەیەک دێت
ئەفسانەیەک ڕایدەگرێ
دەنگی لێکۆڵینەوەیەک دەبیستم
لەپڕ ڕەخنەیەک پێمدەڵێ
گەر هەموومان نەخەیتەوە ناویەک ڕەفە
سوێند دەخۆم لەسەرت دەنووسم،
بەناونیشانی..
شاعیر + ڕاوچی= جەللاد
چونکە زیندانیکردنی ئێمەو
لە قەفەس کردنی بولبول
جاوازییەکی وای نییە.

## پرسیاری کچەکانم

ئەوەندە لە پرسیارەکانیان دەترسێم
بێدەنگی دامدەگرێ،
پرسیاری وەهام لێدەکەن
لە پێستی خۆم دەرمدێنن،
باسی تەنیایی خۆمم بۆ دەکەن
گوایە من گەلێک ئازادم
ئەوکاتەی کە
دەستلەملانی شیعرێک بوومو
ئاگام لە کەسیان نەماوە،
ماوەیەکە واهەست دەکەم
پرسیارێکی قورسیان هەیە
تا لێم بکەن
چونکە سۆمای چاوەکانیان
وەکو جاران سیحری سۆزیان
تیانەماوە.
تا ئەوکاتەی چوومە ژوورەکەی خۆمەوەو
لای جانتاکەم پرسیارێکیان بۆ دانابووم
لێی نووسرابوو:
((ئەوی ڕۆژێ(ناسنامە)کانمان
خوێندەوە
بۆچی بەبێ پرسی ئێمە تێیدا
نووسراوە «مسلمە» )).

## پێناسەکانی لاسایی

لاسایی دەوروبەرم کردەوە
بەجێمام،
شوێن پێی باوانم هەڵگرت
دۆڕام،
لاسایی قەڵەمم کردەوە
پشتم شکا،
پێناسەکانی لاساییم لەبەرکرد
سڕامەوە،
لاسایی زەمەنم کردەوە
بێئەوەی بەخۆم بزانم
پشتاوپشت بۆ دواوە
بۆ سەردەمی پێش زایین
بۆ ئەشکەوتی
نیاندەرتاڵەکان چووبووم،
لاسایی دەردێکی پێکردوم
خۆمم پێ حونجە ناکرێ.